کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

# نامەیەکی بە گڕ نوسراو لە چراوە بۆ پەپولە

**هێمن ڕەئوف ... سویسرا**
www.hemnrauf.kurdblogger.com



پەپولەکەم :

تاریکی نەما لەم ژووره پەیی پێنەبەم
نەپیشکنم ، بۆت نەگەڕێم
تۆ بۆ نایەی ؟

دەرگا نەما نەیکەمەوە و
بەدیارییەوە دانەنیشم ،
بە چاوەڕوانیی لێرەوە بۆت نەسوتێم
تۆ بۆ نایەی ؟؟

پەنجەرەکان
هەموو شێوەی منیان گرت و کاڵ بوونەوە ..
شووشەکانی بوون بە بلوور
وەک ڕوومەتم
ناسک ناسک سور بوونەوە !!!
تۆ بۆ نایەی ؟؟؟

ئی بۆ نایەی ؟
کە دەزانی چاوەڕوانیت
کانی دەروونم ووشک دەکات ،
کە دەزانی
بێڕەنگ و تاریکم دەکات
گڕی جەستەم کز کز دەکات
تا بەجاریٚ وەک فانۆسێ
لە لادێیەکی وێرانا
بێڕەنگ و  خامۆشم دەکات !!!!!

تۆ بۆ نایەی ؟
کە دەزانی
عەشقم داوای بوونت دەکات
کە دەزانی خۆشەویستیت
فێرە خۆشەیستیم دەکات!!!!!!

بۆچی نایەی ؟

که دەزانی دەبیتە ڕزگاریخوازێ
لە ژێر دەستا من فێری ناسکی دەبم !
لە ئامێزتا وەکو بەفر تەزیو ئەبم!!

دە بۆ نایەی ؟؟؟
که دەزانی ئیتر پەپولەکانی تر ناسوتێنم
گەرم نابم
ئیتر منالانی بزێو ناگرێنم ..

ئاخر بۆ نا ؟؟؟
که دەزانی گڕ لە ژیانما نامێنێ و
ڕق لەهەناوما نامێنێ و
من لە تۆوە فێری جوانییەکان دەبم !!

ئێ دە وەرە !!!!!
با بەس خەیاڵ و فەنتازیای داهاتوومان
بێهۆشم کات !
نەکا ڕۆژێ یادی دووریت
بێت و بێسەر و شوێنم کات ..
ئیتر بڕۆم
نەیەمەوە و نەیەمەوە و نەیەمەوە ...
تا دەبینی
تەنها خۆتی
لە جیهانی پەپولە باڵ نەخشینەکان
بە ڕۆح زیندوو .

**وەڵامێکی پڕ لە حەسرەت ، لە پەپولەوە بۆ چرا سبەی شەو بخوێنەوە**